www.kurdistannet.org
5-2-2007 22:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەیی بنەرەتی.. منیش هاتمە ریزتانەوە.. ئامانج عەبدوڵا سوور

مانگونیوێك زیاترەقوتابیە بەهەڵوێستەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی بەخۆیان وخەیمە ولافیتە کانیانەوە بەردەم پارێزگای سلێمانی بەرنادەن،لەوی لە مەدەنیترین هەڵوێست ومۆدرێنترین هەڵوێستیان دا مان بۆ رەواترین مافیان ئەگرن چونکە لەبارچووە بەبی ویستی خۆیان!!
خوێندکارانی ئەم کۆلێژە سەرمای زستانیان لێوانلێو چەشت بەئەندازەی فرکردنی دواپێکی دەستی بەرپرسێکی کەڵەگەت لەشەوێکی سووردا..
قوتابیانی ئەم کۆلێژە نەبەردیان گرتە جامی بینای پارێزگا کارەبا فولەکەی سلێمانی ونەتایەشیان سوتان ونەپشتگیریشیان کرد لەسوتانی مۆنیمێنتی شەهیدان!!!بۆیە ئەمجارە نەتەقەیان لێکراونەکەسیشیان پێکرا لی ئەگەر فزەی زیاتر لەدەمیان بێت پی ئەچێت بەرەوهۆبەکانی زیندان راپێچ کرێن ئەمساڵێ خوێندنیشیان هەرلەوێکانی بەسەربەرن مەبەستم بەکەلەپچەوە!!
ئەمرۆ ژمارەیەك لەنوێنەرانی مانگرتووەکانم بینی نەهاژوهوژیان هەبوو نەداوای رووخانی دەسەلاتیان کرد تەنها ئەوەنەبی مافەکانیان بۆبگەرێنەوە ئاخر لەکوی بووە دبلۆم وبەکالۆریۆس هرەیەك تاقە پێوانەی بۆ بکرێت،بڵێی دەسەڵات بەم مانگرتنەی نەزانیبی ئەز بەدووری نازانم خۆ زۆرینەی وەزیرە جەربەزە بەویقارەکانمان لەدەرەوەی وولات گوی لەنوێترین سەمفۆنیا ئەگرن،ئەم هەموو دارژانەی سەرشەقامەکان تاقە ئیستیقالەیەکی لی نەکەوتەوە لەلایەن تاقە نەفەرێکی ناودەسەڵاتەوە زۆر ئەترسم هەمووومان ببینە پاڵەوانی دوازۆرانی دویل ئنجا کی بێداربێت بەدیار کێوە؟خۆ هەردوولا بەودەردە چوین کەنەدەبوو بچین هەربەتۆرانێك تاهەتایە ئاشتمان ناکەنەوە..
بۆجارێك چی یە بەرپرسێکم نەبینی سەردانێکی ئەم قوتابیە بەهەڵوێستانە بکات ئیدی گەنج بۆ ئایندە دەبێتە چ سەرمایەیەکی نەتەوەیی؟؟؟ئەو کاتێك خۆی بەخاوەنی ئەم وڵاتە دەزانی کەبەشێکی دانەبراوی ناو پاڵەپەستۆکان بێت ودواجار گوێی لی بگرن.. ئەگەر وانەبوو...........
تێبینی/
لەئەمرۆ بەدواوە من یەکێکم لەدەرەوەی ئەم کۆلێژە کەدێمە رێزی مانگرتوانەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.